سیناریۆی سینەما لە وشەوە بۆ وێنە... حەیدەر عەبدولرەحمان

سیناریۆ لەیشەسازی سینەمادا، لەوانەکی وەک ئەمریکا، لە رووی ئابووریی و بازرگانییەوە جیاوازی نیە لەگەڵ پیشەسازی دروستکردنی کەشتی لەژاپۆن وچاندنی برنج لەچین و ناردنی دانەوێڵە لەدەریای ڕەشەوە بۆ سەراپای جیهان.
لەنێو ئەو کەرتەی پیشەسازی سینەمادا، نووسینی سیناریۆ لەگەڵ پێشکانەو بەسەدان سیناریۆ نووس پیشەی بەردەومیان سیناریۆ نووسینە بۆ دراماو سینەما لەو وڵاتەدا، کە بەهەی سیناریۆ نووسینەوە، لە ریزی دەوڵەمەندە گەورەکانن بەشەویەک پاداشتی هیچ یەکە لەو سیناریۆ نووسانە، پاداشتیان لە ئەکتەرە هەرە ناسراوەکانی هالیود کەمتر نیە.
ئەو کەمە سیناریۆ نووسانە، کە ژمارەیان 11500 سیناریۆنووس دەبێت ، سەندیکایەکی تایبەت بەخۆیان هەیە بەناوی (سەندیکای سیناریۆ نووسەکان) کاریان سەرپەرشتی کردنی ئەو سیناریۆ نووسانەیە، لەکاتی دروست بوونی هەر کێشەیەکیش بەرگریان لە دەکات و پارێزگاری لەمافەکانیان دەکات.
هەر بۆ نموونە لەو ماوەیەدا سیناریۆ نووسەکان، بەماوەیەک مانگرتنیان ئەنجامدا، بۆ بەرزکردنەوەی کرێ ی بەرهەمەکانیان، بەتایبەت لەو بەرهەمە سینەمایانەی داهاتەکی زۆر بەدەست دێنن، ئەکتەرەکانیش بۆ تێکەایی لایەنگیریان کردن و لەگەڵ سیناریۆ نووسەکان بۆ ماوەیەک دەستیان لەکار کێشایەوە و بەرهەمهێنانی فیلمیان ڕاگرت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کەرتی بەرهەمهێنانی فیلم زیاتر لە دووملیار دۆلار زیانی بەرکەوێ.
سیناریۆ لە هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی فیلمسازی سەخت ترەو کەمن ئەوانەی پسپۆریان لەو بوارەدا هەیە، چونکە سیناریۆ بۆهرەو زانستە، بۆیە (وارن ستیڤن)ی دەرهێنەر دەڵێت: دەرهێنەرانی ئەمە ناکرێت دەست لەکاری سیناریۆ بدەن، ئەگەر واش بکەن، ئەنجامەکەی زۆر نزمی بەسەریاندا دەشکێتەوە، چونکە ئەوان لەووی نووسینەوە توانای نووسینی نامۆیکیان نیە.
(ئەرسەن ویلز) لەم بارەیەوە دەڵێت هەرگیز قسە لەسەر فیلمەکانم ناکەم، چونکە قسە کردن لەسەریان کاری پسپۆرو ڕەخنەگرەکانە.
ڕەنگە زۆر لەو شاکارانەی داهێنانیان تێدا دەکرێت، بە تاکە کەسێک ئەنجام بدرێ، وەک ڕەمان، شیعر، شۆکاری، بەڵام سینەما کاری

دەستە جەمعیەو کەمەک زانست و تەکنیك و پسڕایەتی هاوبەشن، بە بڕەهەم هێنان، لەوانەش کاری سیناریۆ نووسین.
لەسینەمادا هەریەك لەنووسەرو دەرهێنەر فیلسەفەو فانتازیایەکی تایبەتی خۆیان هەیە بە بڕەهەمهێنانی فیلم، ئەوەی یەکەمیان بەلایەنە ئەدەبی و دووەمیان لایەنە هونەرییەکە، کە ئەگەر ئاوەزانی یەکتر بن و لە توە ی کارەکی هاوبەشدا یەکتر بگرنەوە، دەتوانن ئەنجامەکی سەرکەوتوو بە دەست بهێنن.
ئێستا بە زاڵ بوون بەسەر کێشەی قەیرانی سیناریۆ، دەروازەی تری ئاڵتەرناتیف دەزراونەتەوە، کە کاری سیناریۆ نووس ئاسانتر دەکەن، سیناریۆ نووسەکان لە بری ئەوەی تەنیا پشت بە بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیان ببەستن، بەکو دەتوانن فیلمەکانیان لەسەرشاکاری گەورەی هەماندا داڕێژن، لەو هەمانەی پێن لەووداوو وێنەی درامی.
بەمەش پەیوەندی نێوان نووسەرو دەرهێنەر، هێزێکی گەورە بەدراماو فیلم دەبەخشن.
سوود وەرگرتن لەهەمان بۆشاییەك دەکرێت، کە تاوەك سیناریست بزانیت چۆن وشە بگەیەنیت بە وێنە، یان چۆن بونیاتی هەماهەنگ هەڵوێستەوەو لەشوێنی ئەودا بونیاتێکی درامی نوێ دروست بکەیتەوە، هەتا ئەگەر لە ڕووی فیلسەفەو گوتاری سینەماییدا دژاو دژ لەگەڵ هەمان نووسدا جیاوازیکیشتان هەبێت، بەڵام لەتەوانینی گشتی دا یەك ئامانجتان هەبێت.
گرنگ ئەوەیە هەموو ئەو فانتازیاو گەمانەوە دوورو درژانەی لەبەتەی هەماندا هەن بە ئامرازو کەرستە هونەریەکان بکرێنە کارێکی وێنەیی چڕو پڕ، ئەو کات لە بری وشە دیان کارتکەرت دەبێت بە وروژاندنی بینەرو جولاندنی هەست و نەستی، بەتایبەت بەرکەوتن لەگەڵ چاوو، گوێ و مێشك و هەموو هەستەکانی تری مرۆڤ.
تا ئێستا کەمپانیا سینەماییەکان سودێکی زۆریان لەرەمانە ناسراوەکانی جیهان بە سینەما وەرگرتووە، بەتایبەت رەمانەکانی (گابریل گاریسیا مارکێز)کە بەتە هەی ئەوەی مارکێز ببەتە خاوەنی هەوادارێکی زۆر لەسینەماداء، کە ڕەنگە ژمارەیان لەژمارەی هەوادارەکانی زێتر بێت لەرەماندا.